# باندکی بازرگانییکردن بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لە بەغدا دەستگیرکران



فەرماندەیی ئێپراسیۆنەکانی بەغدا، لەبارەی ئەنجامدانی چەند چالاکییەکەوە لە بەغدای پایتەختی عێراق ڕاگەیاندراوەکی بڵاوکردەوە.

لە ڕاگەیاندراوەکەی فەرماندەییەکەدا هاتووە، باندکی بازرگانییکردن بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لە بەسەیەکی هەزە ئەمنییەکاندا لە ناوچەی شورتەی ڕابیعە-زراعی لە کەرتی کەرخ دەستگیرکران، یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو باندەش ژنە.

هەروەها ئەوەشیان خستووەتەروو، لە ڕاگەی ژمارەیەک ئێپراسیۆنی ئەمنیی و پشکنینی ناوچەکان، بە پشتبەستن بە زانیاریی وردی دەزگا و ئاژانسە هەواگرییەکان، سێ کەسیان بە تەمەتی پێوەندییکردن بە چەکدارانی داعشەوە دەستگیر کردووە.

فەرماندەیی ئێپراسیۆنەکانی بەغدا ئاماژەی بەوەشکردووە، دەستگیرکردنی ئەو سێ تەمەتبارە لە دوای کۆکردنەوەی زانیاریی هەواگیریی وردبوو، کە تەمەتبارەکان لە ناوچەکانی شوعلە و حەی جامیعەی بەغدا نیشتەجێن.